# کاریگەرییە ئایینده‌ییه‌کانی جەنگی قەرەباخ لەسەر ئێران و کوردستان

14-10-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** پاش هەرەسی یەکێتی سۆڤیەت و دەرکەوتنی چەند کۆمارێک لە قەوقازدا، مەسەلەی قەرەباخ، دەروازەیەکی بایەخدار بووە بۆ هەژموونی وڵاتان و کێشەیەکی مەترسیداری مرۆییشی بۆ خەڵکی ئازەربایجان و ئەرمینیا سازاندووە. نە یاسا نێودەوڵەتیەکان و نە بەڵگە مێژووییەکان،

## هەردی مەهدی میکە|

پاش هەرەسی یەکێتی سۆڤیەت و دەرکەوتنی چەند کۆمارێک لە قەوقازدا، مەسەلەی قەرەباخ، دەروازەیەکی بایەخدار بووە بۆ هەژموونی وڵاتان و کێشەیەکی مەترسیداری مرۆییشی بۆ خەڵکی ئازەربایجان و ئەرمینیا سازاندووە. نە یاسا نێودەوڵەتیەکان و نە بەڵگە مێژووییەکان، پشتیوانی هەبوونی یەریڤان ناکەن لە پرسی قەرەباخدا، بەڵام سیاسەتی نێودەوڵەتی وڵاتان ساوایی دەوڵەتی باکۆیان قۆستەوە، پێکداچوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کاریگەریی لەسەر چارەسەرنەکردنی کێشەکە کرد و یەکلانەکرایەوە. ئێرانییەکان و کوردستانییەکان، دوو لەو گۆڕاوەی ناوچەکەن کە لێکەوتەی ململانێکانی رابردوو و جەنگی ئەمجارەی قەرەباخ کاریگەری لەسەریان دەبێت، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە لێکەوتەکانی بەردەوامی جەنگ چ کاریگەرییەکی لەسەر ئایندەیان دەبێت؟

رەفتاری وڵاتان بەرهەمی ململانێ و سیاسەتی نێودەوڵەتییە، هەر لەبەر ئەمەشە دەوڵەتان لە رەفتارییاندا بۆ ئەوەی جێگەیان بێتەوە لەو سیستەمەدا توانای بەرگری (بەهۆی دۆستەکانیانەوە) خۆیان لەسەر حسێبی ئەوانی دی بەهێز دەکەن. وڵاتان بۆ بەرگرتن لە توانای رکابەرەکانیان بەدوای هاوپەیماندا دەگەڕێن و جێگەی خۆیان لە هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکاندا دەکەنەوە.

رەنگە ئەم روانینەی تیۆریای واقیعگەرایی نوێ دەسکەلایەکی باش بێت بۆ شەرحی دۆسێی قەرەباخ، کە ساڵانێکە پەیوەندی نێودەوڵەتی لە بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزدا دۆسێکە لە نێوان ڕوسیا و ئەمریکادا یەکلانابێتەوە و بونیادی سیستمی نێودەوڵەتی، ناوچە جێناکۆکەکانی ئەوێندەرێی بە هەڵواسراوی هێشتووەتەوە. ئەم دیدگایە کۆمەککارە بۆ تێگەیشتن: لەچۆنێتی خۆبەهێزکردنی باکۆ و خۆجێکردنەوەی لە سیاسەتی نیودەوڵەتییدا بە شێوەیەک کە ئێستا هەم توانای بەرگری لەرێگەی هاوپەیمانێتی تورکیا-ئیسرائیل-ئەمریکاوە بۆ گەیشتن بە سنوردارکردنەوەی رکابەرەکی(ئەرمینیا)، بۆ هەروەک رۆشنکەرەوەی دۆخی ئێران و کوردستانیش بێت لە کارلێکیان لەگەڵ دۆسێی قەرەباخدا، کە تیایدا وڵاتانی زلهێز و سیستمی نێودەوڵەتی کاریگەریی لەسەر رۆڵیان دەبێت، چونکە دواجار سنووردارکردن و جوڵەی ئەم دوو دراوسێیە گەرچی لە روخساردا پەیوەندییان نییە بە کێشەی قەرەباخەوە، بەڵام بونیادە گشتییەکە هەردوو گۆڕاوەکە دێنێتە ململانێکەوە.

**قەرەباخ؛ دەروازەی هەژموونە نێودەوڵەتییەکان**

پێشتر هەر یەک لە وڵاتانی ئەمریکا، روسیا و تورکیا و ئێران لە دۆسێی قەرەباخدا ویستوویانە بە جۆرێک رۆڵ بگێڕن کە هەژمونی خۆیان لە ناوچەکەدا پەرە پێبدەن لە بری چارەسەر، واشنتۆن بە راگرتنی پەیوەندیی و لە چوارچێوەی چوارقۆڵییەکی رۆژئاوادا دەیەویست دۆخەکە ڕاگرێت، بەمەش قۆڵی رووسیای هەم لە ئەرمینیا و ئازەربایجان کورت دەکردەوە، هەر ئەم مامەڵەیە بوو سەرۆکوەزیری ئەرمینیای بەرەو رۆژئاوا گلێر کردەوە و کەمێک رووسیای لە خۆی نیگەران کرد.[1]

مۆسکۆش، ویستوویەتی بە دۆستایەتی دوولایەنە بەڵام بە هێشتنەوەی دومەڵی قەرەباخ، دەرفەتی بۆ خۆی ساز دەکات و بەوریاییەوە لەچوارچێوەی "سنووری پێشینەی ئەرمینیا" پەیمانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەریڤاندا هەیە و دەیپارێزێت بە بێ قەرەباخ، بەمەش دڵی ئازەربایجانی راگرت و قەرەباخی بە جێناکۆک داناوە و بەرگریکاری ئەرمەن نییە لەو حەوزەدا، بۆ ئازەربایجان ئەمە بێلایەنێتی ئەرێنی بوو لە رابردوودا، سەرەڕای ئەوەش بازارێکی چەکفرۆشی گەرمی بە هەردوولا فەراهەم کردووە.

دوو فاکتەری ئامانجگەرا و شوناسیی، رۆڵیان لە هەبوونی تورکیاش لە دۆسێکەدا گێڕاوە: تورکچێتی و دوژمنایەتی دێرینەی ئەرمینیەکان، هەر لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری ئازەربایجاندا، هەردوو فاکتەر خێرا تورکیایان یەکلاکردەوە و تاهەنووکە ئەنقەرە پشتیوانی باکۆیە. کە ئەمە بۆ ئایندەی ئێران مەترسیدارە چونکە: لەلایەک خۆڵەمێشی بزوتنەوەی پانتورکی دەوروژێنێت و دوور نییە ئەو لەتە ئازەربایجانەی نێوئێرانیش بورووژێنێت و تا هەرەشەی جیابوونەوە بڕوات و خەونی بزووتنەوەی "ئازەربایجانی مەزن"، بیووژێنێتەوە. هەر ئەم هۆکارەش پاڵنەرە بۆ کاردانەوەی نەتەوەکانی دیکەی کورد و عەرەب و بەلوچ و چیتر گوتاری ئێرانیزم نەتوانێت چوارچێوە ناوەندگەراکەی تاران پارێزراو بکات.

لەم دۆسێیەدا ئیسرائیل و ئەوروپاش بێ رۆڵ نین و هەریەکەیان بەجۆرێک بەتایبەت لە ڕووی ئابووری (سەرچاوەی وزە)، سیاسیی (راگرتنی هەژموونی رووس و ئێران) سودی خۆیان بردووە و بەڵام ئێستا کە هێزی سەربازیی و باڵایی توانای سیاسیی ئازەربایجان لە ئەرمەنستان زیاترە، وای کردووە چیتر بێلایەنی ئەرێنیی وڵاتان لەو نێوانەدا بۆ ئازەرییەکان بەلایەنگری لە قەڵەم بدرێت.

**گوتارە جیاوازەکان و نیگەرانییەکانی ئێران**

لەم پرسەدا هەستیاری لە رادەبەدەری ئێران دەبینرێت، چونکە بەهۆی ئەو سیاسەتە دابڕاوەی لەگەڵ ئەمریکا، ئیسرائیل، ئەوروپا و پەیوەندی ناچاریی لەگەڵ تورکیا و مەترسیی پرسی نەتەوەکانی ئەو وڵاتە، دەردەکەوێت بە گەشەکردنی هەر یەکێک لەو هەژموونانەی باسکران لە دۆسێی قەرەباخدا بەجۆرێک لەسەر حسێبی ئێران تەواو دەبێت.

لە رابردوودا پەیوەندی ناچاری لەگەڵ ئازەربایجاندا و پشتیوانی تەواوی بۆ ئەرمەن، بۆ ئێران چارەسەرێکی نایابی بۆ هێنابوویەکایە، مانەوەی بەوشێوەیەیساڵانی رابردووی دۆسێی قەرەباخ بۆ ئێران نیعمەت بوو بەڵام ئێستا بەرداشێکە و هەڵوێستی نوێی لێ دەوێت.

لە جەنگی قەرەباخدا، سێ ئاراستە لە روانینی سیاسیی ئێراندا هەست پێدەکرێت:

ا. روانینێکی سیاسیی-حکومەتی کە باوەڕی بە نێوانگیریی هەیە و دەیەوێت بێلایەنێکی ئەرێنی بێت[2]، ئەمەش پێچەوانەی هەڵوێستی جارانییەتی کە بەرامبەر ئازەربایجان و لەگەڵ ئەرمینیادا بوو، سەرەڕای ئەوەی ئازەربایجان لەڕووی ئاینیی و نەتەوەییشەوە هاوبەشیی مێژوویی و مەزهەبیی دێرینی لەگەڵ تاراندا هەبوو، بەڵام ئەمجارە بەهۆی کێشەی ئابووریی، گەمارۆ و پەتای کۆرۆناوە، ناتوانێت لایەنگرانە مامەڵە بکات و تەنها داوای نێوانگیریی و ئاشتەوایی دوولایەنی جەنگی کردووە.[3] وادیارە ئەم گوتارە پراگماتیکیانەترە و تەنها لە بەرژەوەندی ئێستای ئێران و قەیرانەکانیدا مامەڵە دەکات نەک بنەما و گوتاریی ئامانجگەرایی ئیسلامیی ئێران و پەلکێشییەکانی. ئەم ستراتیژە تارادەیەک رەزامەندییەکی کورتمەودای ئازەربایجانی بەدەستهێناوە.[4]

٢. ئاراستەی مەزهەبییە کە رێبەر، نوێنەرەکانی، ئیمام جومعەکان و دەیان پەرلەمانتار و...تاد لایەنگیریین. ئەم دیدە جەخت لە پشتیوانی ئازەربایجان دەکاتەوە و هەردوو روانگەی مەزهەبی شیعی و ئازەرییبوونی تێکەڵ کردووە و داوای پشتیوانی باکۆ دەکەن. هەژموونی ئەمانە زیاتر لە شارە ئازەرییەکان و توندئاژۆکانی نێو دەزگا دەوڵەتییەکان، لە سەروو هەموویانەوە خودی رێبەری ئێران کە هەم توندئاژۆیە و هەم ئازەرییشە. خامینەیی لە دیدارەکانییدا نەیشاردۆتەوە کە قەرەباخ بەشێکە لە "زەویەکانی ئیسلام" و بەرگری بە کارێکی پێویست زانیووە.[5] هەر لە رۆژانی هەڵایسانی جەنگەکەشدا، چەند نوێنەرێکی رێبەری ئێران پشتیوانی دینی و دنیاییان بۆ ئازەربایجان دەربڕی، پاراستنی خاکی قەراباخیان بە سنوور و سەروەریی و ئەرکی باکۆ لەقەڵەمداوە، ئاماژەشیان داوە کە "لە سەرەتای داگیرکردنی قەرەباخدا گەر وریایی ئێران نەبووایە داگیرکاریی ئەرمینیا تا باکۆ دەهات".[6]

ئەم دیدگایە پێچەوانەی هەڵوێستی بەشێکی ئێرانییەکان و دەوڵەتییە پراگماتیکیەکان و بەشێکی ریفۆرمیستەکانە (حکومەت، وەزارەتی دەرەوە و رۆشنبیرە فارسەکان). رەنگە نیگەرانی ئەوان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە لە ئاییندەدا ئەم هەڵویستە چەند لێکەوتەیەکی ترسناکی هەبێت لەسەر:

آ.سیاسەتیی دەرەوە (بەرامبەر وەستانی رووسیا و ئەرمەنستانی دراوسێ و هاوپەیمان).

ب. ئاسایشی نەتەوەیی ئێران(سەرکەوتنی باکۆ واتە سەرکەوتنی تورکنەژادەکان و بەهێزتربوونی تورکیا لە ناوچەکەدا ئەوەش بە مانای بوژانەوەی یاخیگەریی ئازەرییەکانی ئێران دێت، دوور نییە داوای ئازەربایجان بکاتەوە، یان ئازەرییەکانی ئێران و ئازەربایجانیش خەونی یەکخستنەوەی ئازەربایجانی مەزن بهێننەدی.

ج. بەهێزتربوونی هەژموونی دژە ئێرانی و تووندتربوونی سزاکان و لاوازترکردنی ئابووریی تاران (چونکە لە ئەگەری سەرکەوتنی باکۆ، واتە نزیکترکردنەوەی ئەمریکا، ئیسرائیل و وڵاتانی رۆژئاوا، بەو پێیەی باکۆ پەیوەندییەکی توندووتۆڵی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا هەیە کە ٤٠ ساڵە بەرامبەر تاران وەستاونەتەوە و بەمەش دەبنە دراوسێی نزیکی ئێران.

**کورد لە هاوکێشەکەدا**

کورد لەم هاوکێشەیەدا لە دوو جەمسەردا رۆڵ دەبینێت (پەکەکە و لقەکانی و رۆژئاڤا لەلایەک، حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزە کوردییەکانی سوریا و ئێران لەلایەکی دی)، ئەم دوو جەمسەرە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تا هەرێمایەتی دابەشبوونیان شۆڕبووەتەوە. دوورنییە لە ئایندەیەکی نزیکدا بخزێنرێتە نێو ململانێکانەوە، چونکە:

ا.بوونی رۆڵی کاریگەریی تورکیا و ئەمریکا لە ئازەربایجان، کە هەرێمی کوردستان بە جۆرێک هاوپەیمانییان حسێب دەکرێت. تورکیا گەر توانیێتی ئێران سنوردار بکات لە هاوکارییکردنی یەریڤان و نزیککردنەوەی لە باکۆ، دووریش نابێت کارتەکانی بەرامبەر کوردەکانیش بەکاربهێنێت، کە جێکەوتەی لەسەر ئابووریی و کۆی گشتی قەوارەی هەرێم و پەیوەندییەکانی دەبێت.

٢. بەهۆی پێچەوانەیی ستراتیژی پەکەکە بەرامبەر تورکیا و تەبابوونی ستراتیژی ئەو هێزە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تەوەری ئێران-سوریا-ئەرمینیا و پێشێنەی هاوکاریان، ئەگەری تێوەگلانی یان بەشداریی ناچاریی پەکەکە هەیە، بەمشێوەیە دۆخێکی هەستیاری ململانێی نەتەوەیی-ئاینیی بۆ کوردستان دەسازێنێت. کوردەکان لە تورکیا و ئێران دەخاتە بەردەم هەڕەشەی ئاژەرییەکانەوە کە لە قوڵایی ژوورەکانی بڕیاری سیاسیی تاران و ئەنکەرەدان.
لە ئێستاشدا هەواڵە نەسەلمێنراوەکان کەم نین و باس لە بەشداریی ئەندامانی پەکەکە دەکەن لە جەنگی قەرەباخدا، تورکیا وەک چۆن خۆی تۆمەتبارە بەوەی چەکداری ئۆپۆزسیۆنی سوریای هەناردەی ئازەربایجان کردووە، ئاواش پەکەکە تۆمەتبار دەکات کە ٣٠٠ئەندامی پەیەگەی بۆ هاوکاریی ئێرەوان بە هاوکاریی ئێران ناردووتە قوڵایی جەنگەکە[7] ، کە پێشتر لە قامیشلو و قەندیل بوون و ئێستا لە گرووپی "نوبار ئوزانیان"دا خۆیان ڕێکخستووە و دژی باکۆ دەجەنگن.[8] هەروەک هەندێ سەرچاوەی نادڵنیاش ئاماژە بە کوژرانی ٢٠ چەکداری ئەرمەنی پەکەکە دەکەن.

لە بەرامبەردا گەرچی پەکەکە ئەوە ناشارێتەوە کە ئەم جەنگە "نە هی گەلی ئەرمەنی و نە ئازەریە. ئەو دۆخە، لە راستیدا شەڕی دەوڵەتی تورکە" پەکەکە کە باوەڕی وایە دوژمنی سەرسەختی پرسەکەی تورکیایە و دژایەتی تورکیا ستراتیژیەتی، بەڵام هەرزوو ڕەتیکردەوە گەریلایان ڕەوانەی ئەرمینیا کردبێت".[9]

**دەرئەنجام**

بە تێگەیشتن لەو پێدراوانەی لەجەنگی قەرەباخەوە دەستدەکەون، دەردەکەوێت، رەنگە لە روخساری ڕووداوەکەدا جەنگەکە هی دوو وڵات بێت، بەڵام چ لە کێشاندن و چارەسازییەکانەوە، چ لە دەرکەوتەکانی جەنگەکەوە، سەروواناوچەییە و جەمسەربەندییە نێودەوڵەتیی و هەرێمییەکان ڕۆڵ دەبینن لە تێوەگلاندنی هێزەکانی دەرەوەی جەنگەکەدا، تا هەنووکەش شەڕەکە و لێکەوتەکانی و لێدوانەکان لە جوگرافیای قەرەباخدا قەتیس نەماوون، هێز و جەمسەرەکانی ئێران و کوردستانی لە نێو چەندین گوتاری دژدا هەڵوێستدار کردووە، کە لە ئاییندەدا کاریگەریی ئابووریی، سیاسیی و ئەمنییان لەسەر ناوچەکە دەبێت و تەنها بێلایەنی بەس نییە بۆ ئێران و هەرێمی کوردستان گەر لە چوارچێوەی جەمسەربەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکاندا جێکەوتەی کاریگەرییان نەبێت، ئەوا دەبنە هێزی پاسیڤی کارتێکراو.

ئێران لەم بابەتەدا دەردەکەوێت ملی دابێت بۆ واقیعی نوێ و نایەوێت لەوە زیاتر بکەوێتە بەرامبەر تورکیا و ئەمریکا، لەولاشەوە کە ئێستا روسیای لێ نزیکە رەنگە ئەرمینیای وەک جاران پێویست نەبێت. بەڵام هەرێمی کوردستان هێشتا بێلایەنی ئەرێنی لە ستراتیژیدا گرتۆتەبەر و ڕەنگە هەرواش بمێنێتەوە. بەڵام ئایا هێز و جەمسەرە هەرێمی و نیودەوڵەتییەکان بەمەندە لێدەگەڕێن؟

[1] ـ اندیشکده راهبردی تبیین،۸:نقش آفرینی ایران در دوگانه آذربایجان و ارمنستان،ص:

http://tabyincenter.ir/wp-content/uploads/2019/04/B5-31632.pdf

حسن حضرتی: ما و جنگ قرەباغ، 2 https://t.me/HassanHazrati50/161-

حقی اویغور: موضع ایران نسبت به درگیری های قره باغ 3-
https://iramcenter.org/fa/irans-position-on-the-nagorno-karabakh-conflict/

[4] همشهری، واکنش رئیس جمهور آذربایجان به موضع ایران در جنگ قرەباغ: https://bit.ly/2FjYRCf

[5] جنگ قرەباغ؛ "دیدگاه رسمی ایران را وزارت خارجه بیان می‌کند": https://bit.ly/36NKyRJ

[6] سایت رسمی حوزه: بیانیه مهم نمایندگان ولی فقیه در شمالغرب کشور درباره بحران قره باغ، https://bit.ly/2GSVNx6

[7] همکاری ارمنستان و پ.ک.ک/ ی.پ.گ در حملات به غیرنظامیان در آذربایجان:

https://www.trt.net.tr/persian/mntqh/2020/09/29/hmkhry-rmnstn-w-p-kh-kh-y-p-g-dr-hmlt-bh-gyrnzmyn-dr-adhrbyjn-1499594

[8] کوردپاریز، پ.ک.ک در نبردهای ارمنستان و آذربایجان: https://bit.ly/33HmApg

[9] ناس کورد: ڕۆنی سەردەم، وتەبێژی کەجەکە، https://nasnews.com/kurd/view.php?cat=16841